# هەر دەستەڵاتێک ڕابوردومان بە بیربهێنێتەوە
# دەیەوێت داهاتومان لە بیرباتەوە...!!

## کامەران عەزیز

گێڕانەوەی تراژیدیا کانی مێژوو تەنها کولانەوە و وەبیرهاتنەوەی سات و ساڵ و ڕۆژی ڕوداوەکان نیە ..گرنگ لەوەدا نیە تا چەند ژان و ئازەرەکانی دەمانخاتە باری خـــــەموپەژارەو گریان ..! تا چەند سەر دەنێینە وەو ڕۆدەچین و خەونو خەیاڵـــەکانـی ئەمــڕۆو داهاتوی پێوە خەریک دەکەین..! بەڵکو گرنگی لەوەدایە کە ببێتە ئەزمونێک بۆ ژیانی داهاتو وە ببێتە سەر چاوەی دروستبونی گیانی بەرگری و وەســـــتان دژ بــــە هـــــە ردوبارەبونەوەی تراژیدیایەکی نوێ..!

کەسانی ژیان دۆست و مرۆڤ دۆست و بە ئومێد تراژیدیای ڕوداوی ژیانی تایبەتی خۆیان و کۆمەڵگا دەکەنە ئازارێکی ڕاگوزار، وە دەیکەنە ئەزمونێکی مادی و زیندو و بۆ بنەماو بەدیهاتی مژدە و ئاسودەیی بۆ داهاتو..!

بەڵام دەستەڵاتخواز و دەستەڵاتداران تێڕوانینێکی تریان هەیە بۆمێژووی تراژیدیـــاکان، لای ئەوان ماناو تێگەیشتنێکی تری هە یە و بە بەرژەوەندیە کی تایبەت و خۆویستــە وە لە بیری دەکەن و بەبیری دەهێننەوە و دەیکەنە وەهمێـکی گــەورە لە دیـدو هۆشـــی مرۆڤەکانی سەردەم و وەک مۆتەکە یەک بەکاری دەهێنن و بێ هۆش و سەرمــەستیـــان دەکەن و بەر چاویان لێڵ دەکەن تا بریسکەی ئەو تروسکاییە نەبینن کە لە داهاتوەوە شە بەنگ دەدات ..! هە موو ساڵێ لە ساتی ڕودانی کارەســـاتە تراژیـــدیەکانی مێــــژوودا دەستەڵاتداران کاتی مرۆڤاکان دەدزن و بەکار دەهێنن بۆ چەنـــدەها بـارە کــردنـــەوەولێدانەوەی تراژیدیاکانی مێژوو، تا بیرو هۆشی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ بە تراژیدیاکانی دوێـــنـەوە خەریک بکەن تا تراژیدیاکان و ئازارەکان لە سایە ی دەستەڵاتی خۆیان لە بیر ی خەڵکی ببنەوە. بەم شێوەیە مرۆڤەکان لە ڕابوردو وەستاویدا دەهێڵنەوە و ئاستی ژیانیان لە دوای– دوای ئاستی ژیانی خۆیاندا ڕادەگرن ، تا گیانی دەستەمۆیی و کڕنوش و پاشکۆ بونی مرۆڤەکان بۆ دەستەڵات بەردەوام و مسۆگە ر بکەن ..! تراژییدیاکانی مێژوو لەلای دەستەڵات تەنها وەهمێکی ڕوتە نەک کۆتایی پێهاتنی ..!

گەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی سەرەوەدا بۆ چاو تروکانێک بە دەستەڵاتی ئێستای کوردوستاندا بچینەوە زۆر بە سانایی شێوە کارو بەرخوردی ڕۆژانەی دەستەڵاتی حیزبە دینی و غەیرە دینی کان دەبینرێت،کە لە هە موو کەناڵەکانیانەوە تەنهاو تەنها ڕابـــوردو پیشان دەدەن و دەڵێنەوەو بۆ تەنها ساتێکیش چیە کۆماڵگای کوردوستان لە داهاتویەکی باشتر نزیک ناکەنەوە . گێڕانەوەی شەڕ و جەنگەکان و ژمارەی شەهــــــید و زیندان و ئەشکەنجەدان و بۆردومان و سوتان و وێران بوون و هەڵەبجە و ئەنفال کردن کە لە سایەی دەستەڵاتدارانی مێژوو وپێش و ڕویانداوە زیاترو زیاتر گەورەی دەکەن نەک بۆ وەڵام دانەوەو چارەسەری کاریگەری ئازەرەکانی لە سەر خەڵکی ، بەڵکو بۆ بــــــــــە راوردی شێوەو ئاستی تراژیدیاکانە لەبەرامبەرئەو تراژیدایایانەی کە لە ژێر سایەی حوکـــــــــــــــم ودەستەڵاتی ئێستای خۆیاندا دروست بون ، بەڵام ژیانی ئێــــــستای خەڵـــــکی پاشـــــماوەی کارەساتەکان شاهد حاڵی ئەو ڕاستیەن کە تا چەند توانیویانە گۆڕانکاری ڕیشەیی لـــــە ئــازارو ژانـیاندا بکەن . ...!!

بەم پێیە دەستەڵاتدارانی کوردوستان بە بیرخستنەوەی ڕابوردو دەیانەوێت ناعـــەدا لـــــەتی وگەندەڵی و بێ ئاسودەیی گرانی و تاریکی و ساردی زستان و گەرمای هاوین لە بەر بـــــێ کارەبایی لە بیری خەڵکیدا بشێوێنن .

گەر هەر دەستەڵاتێک خزمەت بە خەڵک نەکا ت ، ژیانی مرۆڤەکان ئاسودە باش وباشترنەکـــات ئەوا ئەو دەستەڵاتە دەستەڵاتی خەڵکی نییەو لە پێناوی ژیانی خاڵکیدا حوکم ناکات .

چونکە دەستەڵاتی خەڵکی و جەماوەری بەردەوام مژدە بەخشە ، گۆڕان بەخشە ، خۆشـــــــی بەخشەو گوێڕایەڵی خواست و ویست و پڕۆژەکانی خەڵکە ، تەنها ئەم شێوە دەستەڵاتــە تەتوانێت کۆتایی بە گەندەڵیو نا عەدالەتی و نا ئاسودەیی بهێنێت بە ژیانێکی ستـاندار و سەردەمیانە دەتوانێت تراژیدیاکان نامۆو ناشیرین بکات و بیکاتە ئەزمونی بنیاتنان ودروست بوون.!

18.03.2007